## سەرۆک کۆماری عێراق داوا دەکات پەرلەمان دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای پارێزگابوونی هەڵەبجە بدات



سەرۆک کۆماری عێراق، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید داوا دەکات پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای دامەزراندنی پارێزگای هەڵەبجە بدات.

د. لەتیف ڕەشید سەرۆک کۆماری عێراق لەڕێی نوسراوەکەوە کە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەتی کردوە، داوادەکات دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای دامەزراندنی پارێزگای هەڵەبجە بخرێتە خشتەی کاری ئەنجومەنەکەوە کە لە ماوەی رابردوودا ئەو پرۆژە یاسایە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە.